# هۆنراوە

وێنە : ئیسماعیل عومەر حەسەن

## کۆتر



ئەی کۆترە جوانەی خۆش ئاواز
هۆ دەرون پاك، ئەی ئاشتی خواز
تۆ هاورێی ئێمەی منالّی
ئای کە بۆ ئاشتی عەودالّی
بێخەم بفڕە بەو دوو بالّە
ئاسمانی سەرمان سامالّە
ئیتر کەس لە کەس ناکەوێ
سروشتیش بۆ خۆی دەسرەوێ
من گۆرانی، ئەتۆش گمە
کوردستان پڕکەین لە نەغمە
ئەم دەنگە بگاتە ئاسمان
فریشتەش بینە هاوڕێمان

ئەسعەد لوڕی زادە

## کۆمپیوتەر

منالّان ورد بڕوانن
لەم ئامێرە ئەزانن؟
بەمە ئەلّێن کۆمپیوتەر
لێی ئەنوسرێ وەك دەفتەر
بێ ئەوەی رەنج بکێشێ
وێنەشت بۆ ئەکێشێ
ئەم ئامێرە زۆر ژیرە
بەڕاوێژو تەگبیرە
هەموو کارێك ئەزانێ
ماندو بوونیش نازانێ
بەلّام هەرچییەك بکا
مرۆڤ دروستی دەکا
بۆیە هەرچەند ژیربێ
بێهەلّەو ورياتربێ
لە مرۆڤ ناباتەوە
چونکە بیر ناکاتەوە



جەبار سابیر

## فیلیکی بچکۆلانە



فیلێکی بچکۆلانە
خەپان و خنجیلانە
لوتی درێژ، گوێچکەی پان
ونببوو لە دارستان
شلەژاو، پەشۆکا بوو
ئاژەلّ دەورەیان دابوو
بۆ یارمەتی فیلەجوان
کۆ بوونەوە گیانداران
وتیان جا ئەم هاورێیە
ئێستا مالّیان لە کوێیە؟
چۆلەکەیەك وردبۆوە
فیلەجوانی ناسییەوە
کەوتە پێشی، دەستوبرد
خێرا بۆ لای دایکی برد

ئەمین محەمەد